حەکیم: بڕیارەکەی دادگای نێودەوڵەتی ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی ڕوونی هەڵوێستی جیهان سەبارەت بە فەلەستین



ئەمڕۆ شەممە سەرۆکی ڕەوتی حیکمەتی نیشتمانی سەیدعەمار حەکیم، پشتڕاستی کردەوە کە بڕیارەکەی دادگای نێودەوڵەتی ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی ڕوون لە هەڵوێستی جیهان سەبارەت بە پرسی فەلەستین.

حەکیم لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەمە بڕیاری دادگای نێودەوڵەتی بۆ پێشگرتن و ڕاگرتنی هەموو جۆرە دەستدرێژییەکی زایۆنیستەکان بۆ سەر شاری ڕەفەح لە باشووری غەززە بەرز دەنرخێنین کە ئەم بڕیارە ئەرێنییە ئاشکرای کردووە کە ئەو دەستدرێژییە دڕندانەیە کە لەلایەن قەوارەی دەستبەسەرداگرتنەوە دەستیپێکردووە دژی گەلەکەمان لە غەززە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ناتوانین بەدەنگ بین، سەرەڕای هەموو ئەو فشارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتە خۆبەزلزانەکانەوە کە پشتیوانی ئەم تاوانە دڕندانەیە دەکەن کە لەلایەن داگیرکاری زایۆنیستەکان.

ناوبراو ووتیشی: ئەمە دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم بڕیارە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی ڕوون لە هەڵوێستی هەموو جیهان لەسەر پرسی فەلەستین، و ئەوەش هیچ نییە جگە لە لافاوی ئەقسا کە ڕاستی ململانێکانی ئاشکرا کرد، کەوتە خوارەوەی دەمامك، و ستەمکارییەکانی سەر گەلی فەلەستینی ئاشکرا کرد کە زیاتر لە حەفتا و پێنج ساڵە درێژەبێتەوە.

سەید حەکیم لە درێژەی قسەکانیدا وتی: هەروەها بانگەوازەکانمان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نوێ

دەکەینەوە بە بەردەوامبوونی فشارەکان بۆ کردنەوەی ڕێگا بە یارمەتییە مرۆییەکان و هەڵگرتنی گەمارۆی سەر گەلەکەمان لە غەززە.